

"بۆ هەموو
ئەو خۆشەویستانەی بریقەی چاویان ئەستێرەی جوانی ئاسمان وڵاتەکەمە:هێشوو،
پەپولە، مامۆ، کاکۆ، بەهمەن و..."

# نیوە مانگ

بڕوانە!
بە شەڕ دەستی پێ دەکا، هەموو حەقایەتی ئەو بەشە، چریکەیە هەستاوە لە لوتکەی ئەو شاخە بەستزمانە، سەر ڕەشە،
لە بەهمەنی وڵاتی بێ بەهار و بێ بەشم، گۆرانی سەر هەڵدەدا وەکوو گوڵی گەنم.
لە نیوە مانگی ئەو وڵاتە سەد سنووری بێ سنورە، هەڵۆیە باڵی لێ دەدا بەرەو شەپۆلی ئاسمان.
بە پێکەنینەوە لە باوەشی گرتووە، هەموو زام و دەردی ئەو وڵاتە بێ شەشە.
لە چاوەڕێی ئەو هەموو لەت و بەشە، پسا دەزووی خەیاڵ و ئارەزووم
لە سێبەری وڵاتێکی بە رەنگی خۆڵەمێش، حەسانەوە چ ئەستەمە!
ئەمن نە جارێک چوار بەشم، لە هەر بەشێک هەزار و یەک شەشم.
لە وڵاتی 1334 بولبولی هەڵوەدا، چریکە دێ، چریکە دێ!
وەرن سوار بین لە گەڵ کاکۆ، لە ژێر باڵی هەڵۆیەکی ئاسن و لە شوشەدا.
ئاڵایەکیش هەڵدەکەین لە شڕوشیتاڵ و پەڕۆ و شریتی ئەو هەموو حەزە.
هەدام نییە، حەنەک دەکەم، بە داوی ئەو هەموو تەپکەیە.
لە سەربانی وڵاتەکەم، باگردێنم گلاندووە، بۆ هەزاران هێشووی دەفە بەدەست.
دەپرینگێنەوە هەموو پەپولەکان لە تیشکی ئەو شەمە،
خەڵک هەموو رادەمێنن لە حاندی وێنە سەربڕاوەکانی ئەو تەپ و مژو خەمە.
دڕدۆنگ مەبن ئیتر هەڵۆی کوردستان لە شەقەی باڵی خۆی دەدا.
ئەی مامۆگیان بریقەی چاوی تۆ، تێکەڵ تیشکی ئەستێرە بوو،
ئەی کاکۆ گیان فرمێسکی تۆ، بارانێکی خەست و خوڕە لە ئارانی وڵاتەکەم.
وەڕز بووم، لە چاوەڕوانی گەمێیەکەی حەزرەتی نووح و هەر نەهات!
هاوار دەکەم مانگی چواردەی ئەو وڵاتە کەنگێ دەگاتە تۆقی ئاسمان؟
لەمێژە چارەمان لە چوارچرا بە گورسێکی نامۆ هەڵواسراوە.
مخابن ئەو رێگایە پڕ لە جەردەیە و پەپولەمان دەسوتێنن.
لەشی هەموو گۆرانیەکان لە بەرچاوی خۆمان دەشەوتێن.
لە سەر چەقی چوار ڕێ کەین، لە ڕێ هەتەڵە بووین،
قان مان نییە، دەربازبونمان زۆر چەتوونە!
چاومان ڕەشکە و پێشکە دەکا لە بەر ترسی ئەو هەموو چاونەزێر و جەردەیە.
پڕ لە زیخ و ورتکە بەردە، ئەو کانیاوەی چاوەڕانی بووین.
لە لیخناوی ئەو سەردەمە، کوا مەلەوانێ کە بتوانێ بینکێشی بێ؟
من نازانم کەنگێ دەستەمۆ دەبێ، ئاواتی بەرزی فڕین؟
دەبا فێربین! وەک قەرەچی بە خۆڵەمێشی وڵاتی خۆ، جامی بەردەمی خۆ خاوێن کەین.
ئەو مامۆیە، هەڵوەدای دەنگێکی ئاسمانییە کە لە هیشوودا رەنگی داوەتەوە.
ئۆ هۆی مامۆ!
مامۆگیان! کەسەر مەبە، هەربینا بەم زووانە گەیشتینە قەڵای پڕ لە تەنتەنە و سەنسەنەی هەولێر.

سولەیمان فەرشی کوڵن 25.08.2007

| | |
|---|---|
| **قات** | دەرفەت |
| **چاونەزێر** | تەماحکار |
| **بین کێش** | مەلەوانێ کە لە ژێر ئاودا بین بکێشێ |
| **هەتەڵەبوون** | لە ڕێ لادان |
| **کەسەر** 1 | خەم و خەفەت |
| **تەنتەنە وسەنسەنە** | جەلال وشکۆ |
| **تەپکە** | داوێک کە لە زستاندا بۆ باڵندەی دنێنەوە |
| **دەپرینگێتەوە** | دووری گرتن |
| **دڕدۆنگ** | دوو دڵ |
| **حەنەک** | گاڵتە |